www.kurdistannet.org
8-5-2003 2:13

# سەلیم مەتەر: میشکێکی بۆگەن و نەخۆش

**مەهاباد کوردی**، ستۆکهۆلم ٧-٥-٢٠٠٣

دوێنێ ئێوارە ٦-٥-٢٠٠٣، چاوم بە نیوەی دووەمی ئەو بەرنامەیە کەوت، کە کەناڵی ئەلجەزیرە لەسەر کورد ئامادەی کردبوو. میوانی ستۆدیۆی بەرنامەکە د. عەلی قەرەداغی بوو. هەروەها نوێنەری پدک لە قاهیرە عومەر بۆتانی و نووسەری عێراقیش (سليم مطر) بە تەلەفۆن بەشدارییان تێدا کرد.

کەناڵی ئەلجەزیرە تا ئەو کاتەی دیکتاتۆرەکەی بەغدا فەرمانی بکوژ و ببڕی دەردەکرد، بەو ڕژێمەی نەدەگوت ڕژێمێکی دیکتاتۆری و هەمیشەش میوانداریی لە (عەبدولباری عەتوان) ێک دەکرد بۆ ئەوەی بە چڕ و چاوی سەددامی پاڵەوانی نەتەوەی عەرەبدا هەڵبڵێ. دوای نەمانی سەددامیش ئەو کەناڵە تەلەفزیۆنییە بووەتە خەمخۆری یەکەمی یەکپارچەیی عێراقێکی بەزۆر پێکەوە لکێنراو. هەر کە مەسەلە دێتە سەر کوردیش کارمەندانی ئەلجەزیرە، وەک ئەوەی کوردستان بە تەواوەتی ڕزگاری بووبێ و ئاڵای دەوڵەتی نەتەوەیی کوردیش لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان بشەکێتەوە، هەر مەپرسە دەست دەکەن بە چ شین و واوەیلایەک!

سەلیم مەتەر ناوێک نییە تازە بە تازە وەبەر گوێمان کەوتبێ. ناوبراو هەر چ کاتێ دەرفەتی بۆ ڕەخسابێ، کاری سەرەکی و یەکەمینی هێرشبردنە سەر کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەی بووە. دیارە کەناڵی ئەلجەزیرەش کەسانێکی لە نموونەی سەلیم مەتەری پێویستە. ئەگەرنا خۆ ڕووناکبیری دیکەی عەرەب هەن، با زۆر کەمیش بن، کەم تا زۆر دەگەڵ داخوازییە ڕەوا و نەتەوایەتییەکانی گەلی خەباتگێڕ و چەوساوەی کوردستاندان. هەر تەنیا لە ماوەیەکی کەمدا، بێگومان هەر لەسەر شاشەی کەناڵی ئەلجەزیرەش، بۆ دووەمین جار سەلیم مەتەر ناماقوولی گەورە گەورە و سووکایەتییەکی (بەئاگا و مەبەست) یش بە کورد و خاکەکەی دەکات. لەبیرمە جارێکیان عەبدولقادر بریفکانی کە گوێی لە ناوی سەلیم مەتەر بوو، بە پێشکەشڤانی بەرنامەیەکی ئەلجەزیرەی گوت: ئەم کەسە لای ئێمە ناسراوە و پێشوەختیش دەزانین چ دەڵێت. ئەو ڕۆژە سەلیم مەتەر خۆی، لە هەمان بەرنامەدا بەشدار بوو و، گوێبیستی قسەکانی بریفکانیش بوو.

دوێنی ئێوارە سەلیم مەتەری ڕەگەزپەرست چەپ و ڕاست، شەلم کوێرم ناپارێزم، حاشای لە گەلی کورد و خاکی کوردستان دەکرد. ئەو کە بۆ چاووزار چەند جارێکیش بەردی لە عەرەبان گرت، تا بڵێی داخ لە دڵ و دڵڕەقانە کەوتبووە گیانی کورد و فشەی بە ( الامة الكردية=نەتەوەی کورد) دەهات و، دەشیگوت: داخوا کوردستان لە دیرۆکدا چ هەبوونێکی هەبووە تا ئەوڕۆ ئێمە باس لە نیشتمانێک، کوردستانێک، بکەین. ئەم ڕووناکبیرە تاریکبیرە، کە دەستی بە چاوی خۆیەوە گرتووە و بە ئەنقەستیش نایەوێ شتەکان وەک خۆیان کە هەن ببینێت، لە درێژەی قسەکانیدا گلەیی لە کورد و سەرانی دەکرد و پێی دەگوتن: <u>لە باکووری عێراق تاکە یەک ئاڵای عێراق نابینین. یەکێتی و پارتی ئاڵای خۆیان هەیە. زمانی عەرەبی زمانی نووسین نییە و لەسەر دار و دیوار و لەناو قوتابخانەکان بەتەنێ نووسینی کوردیمان وەبەر چاو دەکەوێ. گیانی عێراقیبوون چ</u>

بوونێکی لەو ناوچەیەدا نەماوە. ئێمە هەست بە جۆرێک لە (دەبل مۆرالی) ی سەرانی کورد دەکەین. دەبێ هەر هەمووومان خۆمان بەس بە عێراقی بزانین. زۆر قسەی ڕزیو و بۆگەن و سووک و چرووکی تریش.

لەوەش گەڕێ سەلیم مەتەر دڵی بەم قسانەی سەرەوە ئاو ناخواتەوە و، داواش لە ڕۆشنبیرانی کورد دەکات تا بە هەموو شێوەیەک گیانی عێراقچێتی دەنێو کورددا بچێنن و، وا لە ئەندامانی ئەم نەتەوەیە بکەن تاکو عێراق و، بێگومان دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستانیش، بە نیشتمانی خۆیان بزانن.

هەر نیو سەعاتێک دوای بەرنامەکەی ئەلجەزیرە، چاوم لە دەنگوباسی کەناڵێکی میسری ( Nile News) کرد. کابرای پەیامنێر لە گوندی (عۆجە) ی شوێنی لەدایکبوونی سەددام دڵی نەتەوەی عەرەبی دەداوە. لەوێندەرێ پیرێژنێکی عەرەب وێنەیەکی زلی سەددامی لەسەر سەری دانابوو و، بە قیژەقیژ و هات و هاوارەوە، بۆ دیار نەمانی کوڕەکەی عۆجە خەمی دەخوارد. قسەکانی پیرێژنە عەرەبی عۆجەیی و سەلیم مەتەری ئەوروپانشین، تەنیا جیاوازییەکیان گەر هەبێ ئەوەیە کە پیرێژنە عۆجەییەکە بێ ئەملا و ئەولا دەردی دڵی خۆی بەیان کرد، هەرچی سەلیم مەتەرە لەژێر پەردەی (ڕووناکبیری) و (خەمخۆری بۆ عێراقی داهاتوو) و (مەترسی بەرپابوونی جەنگی نێوخۆیی) ، زەق زەق جوێنی بە کورد و کوردستان دەدا و، خواش نەکا ڕۆژێ ناوبراو ببێ بە لێپرسراوێکی دەسەڵات بە دەست و قسەڕۆیشتوو لەو عێراقە (نموونەیی) یەی کە ئەو خەونی پێوە دەبینێ، چونکە ئەوسا لێم یەقینە و چاکیش دەزانم چ بەسەر کورد و نیشتمانەکەی دێنێ!

| |
|---|
| mehabadk@hotmail.com نەفرەت لە گشت سەلیم مەتەرەکان! |

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.